# رەشتان

بۆ سەرابی سوپهەری پێشکەش..

سەلاحە رەش
سلێمانی/ 2004

تۆ خەڵکی کاشانی
من خەڵی هەڵەبجەم
تۆ لەتێك نان شك دەبەی
منیش هەروەها
دایکی تۆ.. نیانترە لە گەڵای درەخت..
بەڵام من بیرم نایە دایکم نیانتر بوو یان نا..
ئەشێ رەچەڵەکی تۆ بچێتەو سەر گیایەك لە هند
ئەشێ رەچەڵەکی منیش بچێتەوە سەر ئەو گەوڵە هەورەی
رەشەبایەك هەڵی پێچا...
تۆ خەڵکی کاشانی
من خەڵکی هەڵەبجەم...
هەڵەبجە:
کەمێك لە خوار کۆڵانێکی تاریکی تواناو تونی جەهەنەم‌و
زۆر لە سەروی جۆگەلە شەرابی بەهەشت...
نەختێ خوارتر لە نیلە نێلی نەفخی سورو
زۆر لە سەروی دیداری برژانگەکانی کانی یەك...
نزیك لە ئەشکەوتی پڕ لە وەهم‌و
دوور لە باخچە رازاوەکانی حەقیقەت
نزیك لە دیرۆکی گومان‌و
دوور لە هەوارێکی یەقین
ئاشنا بە حیکایەتەکانی مەرگ‌و
نامۆ بە بەستەکانی ژیان
ئەوە منم لەوێرا ژیان بەرێم دەکا...
منم... کە ژیان پێم دەڵێ:
برۆ.. تازە چیتر فرسەخێ نەماوە بۆ گەیشتن بە لوتکەی مورادی
پێم دەڵێ: کە تۆ بەدیار لاوکی دەنکە هەڵوژەیەکەوە رادەمای
کە دار هەڵوژەکان لە رەگەوە هەڵکێشران
ئیدی ماتەڵی چیت؟!
دەنگ بەرز دەکاتەوەو دەڵێ:
تۆ لە هەڵهاتنی مانگدا تەماشای ئاسۆیەکی بۆلێڵ دەکەی...

**بەهار دەڕواو ئەو هەر نایەت**

**زستان دەڕواو ئەو هەر نایەت**

**هاوین دەڕواو ئەو هەر نایەت**

**لە ژماردنی ژمارەکان وەڕس دەبێو**

**ئەو هەر نایەت.....**

**ئەو هەر.....**

**ئەو....**

**هەر....**

**من لەو جێگایەدا ژیان بەسەرم دەبا**

**کە لە نهێنی یە شینەکانی ئاو تێ ناگەن...**

**ئەو جێگایە..**

**تەفسیرێکی تر بۆ ئەودیو خوێندنی باڵندەیەکی تیا نی یە..**

**نامۆ بە هەنسکی هەڵوەرینی گەڵای درەخت...**

**بێ باك لە ناسینی ئای ئایەکی گەروی شمشاڵ...**

**بێخەم لە دابڕانی دوو عاشق**

**کەس لە وڕێنەو بۆڵە بۆڵی شتێك ناگا کە دەیەوێ حەقیقەتێ بگێڕێتەوە**

**کەس گوێ لە گۆرانی لاڵێك ناگرێ...**

**کە دەیەوێ ئاسمان پڕکا...**

**کەس... کەس...**

**کەڤاڵێکی رەنگاو ڕەنگ**

**نمایشی چاوە کەسکەکانی کوێرێك ناکا..**

**تۆ لەو دیو هیچستانەوە دێی..**

**من لەودیو رەشستانەوە دەڕۆم...**

**رەشستان... ئەو جامەدانیە خویچناویە بوو**

**هەمووماني سوور هەڵگەڕان...**

**تابلۆیەك بوین بە فلچەی بای مەرگ**

**رەش هەڵگەڕاین**

**لەودیو رەشستانەوە دەڕۆم...**

**نیشتمانێك شك دەبەم**

**لەچاوی شەو رەشترە...**

**خەڵی کاشانی... خەڵکی هەڵەبجەم**

**شارانت دی... شارم گیرا..**

**دەستانت دی.. دەستم سوتا..**

**ئاوت بینی... ئاو لە تینوێتیدا خنکا**

**خاکت بینی... خاك بوو بە سوتە مەڕۆ...**

**شاری تۆ ون بوە.. شاری من کوژراوە...**

**تۆ موسڵمانی و قیبلەت گوڵە باخێکە...**

من موسڵمان کرام‌و موسڵمان کوشتمی...

ئێوارەیەك مەرگی رەشستانم ببینە..

شەڕی مەرگی ئێمەو شەقام ببینە

شەڕی مەرگی ئێمەو کۆڵان ببینە

شەڕی مەرگی ئێمەو هەنگاو

شەڕی مەرگی ئێمەو با

شەڕی مەرگی ئێمەو ژێرزەمین

مەرگی ئێمەو بۆنی سێو

مەرگی ئێمەو هەناسەیەك

شەڕی مەرگی ئێمەو مەرگ‌و مەرگ‌و مەرگ ببینە

مەرگی ئەو خوێندکارەی دەیویست بۆ وانەیەکی نوێ لەخەو هەڵستێ‌و بەڵام..

مەرگی ئەو باڵندەیەی کە دەیویست بگەڕێتەوە بۆ هێلانەکەی و بەڵام...

مەرگی ئەو کچەی دەیویست سنگی بۆ عاشقەکەی بکاتەوەو بەڵام..

مەرگی ئەو مناڵەی دەیویست ماچێکی تری دایکی بکاو بەڵام..

مەرگی... بەڵام...

مەرگی... مەرگی... مەرگی...

بەڵام... بەڵام... بەڵام...

بریا تەنها بۆ ساتێکیش چرایەکت هەڵئەکردو،

بەشەوە زەنگی ئەم رەشستانەدا تێئەپەڕیت

بریا تەنها جارێك وەك رێبوارێکی ساتە وەختی،

دەهاتیت‌و زام بەزامی ئەم جەستەیەت ئەپشکنی

بریا تەنها جارێك لە لەرینەوەی پەردەکانی شەو رائەمایت

ئەوسا بەژیان بڵێی: با دەرگاکانی روناکی شەوژەن نەکا، دیلێك دەیەوێ

بیکاتەوە

بە ژیان بڵێ: با تروسکایی ئەم ئێوارەیە نەکوژێتەوە رێبوارێك دەیەوێ بگاتە مەنزڵ

بە ژیان بڵێ: کۆرپەیەك خەریکە لەدایك دەبێ

دوو عاشق بەرەو ژوان رێ دەکەن

درختێك چرۆ دەکات

مناڵێك بەر لەوەی بگاتە ماڵەوە، هاواری فرۆشتنی داو ساردەمەنی ئەکات

بێوەژنێك هێندەی تاڵە دەزویەك هیوای بە پیاو ماوە

پەپولەیەك سەیری شەونمی گوڵ ئەکات

بە ژیان بڵێ: بەر لەوەی هەنار دەم کەل بێ‌و  هەنجیر قڕاڵەو لیمۆ زەرد بێ

باکەمێکی تر چاوەڕوان بێ

ئەوسا پیاوێك بە شەقامێکدا رەت ئەبێت، دڵی پڕیەتی لە عەشق

کچێك لەبەر خوڕەی رێژنە باراندا خۆی روت ئەکاتەوەو گوناهەکانی ئەشواتەوە

بەژیان بڵێ: دوا مۆڵەت

دوا مۆڵەت

دوا مۆڵەت

*سوهراب- شاعیری ناسراوی وڵاتی ئێران.